

هێرۆ کوردە

# رەخنە لە پێناوی رەخنەدا

لە کاتێکدا ئەدەب بوونی دەبێت و هەنگاو هەنگاو گەشە دەکات، پێویستی بەوەیە شان بەشانی "رەخنە"ش وجودی هەبێ، چونکە وەک دەڵێن: ژانرەکانی ئەدەب و رەخنە دوو رووی یەک دراون، بەڵام ئاشکرایە لەلای ئێمە بزاوتی رەخنە ئەوەندە سستە «ئەوە ئەگەر بتوانین بڵێین رەخنەمان هەیە» کە نەتوانیویەتی وەک رەخنە دەرکەوێت و نە خزمەتیش بە ئەدەبەکەمان بکات، هەرئەم سستی و لاوازییەیە ئەدەبی ئێمەی تووشی قەیران و پاشاگەردانی کردووە.

لێرە و لەوێ نووسینی بەناو رەخنەیی دەخوێنینەوە کە ئەوەی بۆنی رەخنە بێت لێوەی نایات و

بەناو رەخنەگرەکانیشمان بەبێ رەچاوکردنی میتۆدەکانی "رەخنەسازی" دەست دەدەنە ئەم کارە و ئاکام نووسینێکی دوور لە هەموو بنەمایەکی رەخنەسازیی لێ دەکەوێتەوە هۆکارەکەش ئەوەیە کە ئێمە تا نوکە تەواو لە مانای رەخنە تێ نەگەیشتووین و لە پێناو وێژە و زمانەکەمان رەخنە ناگرین، لە پێناو رەخنە کار لەسەر دەقە ئەدەبییەکان ناکەین، بگرە لە پێناو دەرکەوتن وەک رەخنەگر یاخۆ ناوبانگ پەیداکردن لە پەنای دەقێکی جوانەوە دەست دەدەینە رەخنە.

زۆرێک دەڵێن ئێمە بۆیە رەخنەمان نییە چونکە دەقی جوان و داهێنەرانەمان نییە، ئێمە دەپرسین ئایا راستە ئێمە هیچ دەقێکمان نییە شایەنی قسە لە سەرکردن و خوێندنەوە بێت؟ یان ئەمە خۆشاردنەوەیە لە بەرپرسیاریەتی؟ چونکە ئەدەب ئەمانەت و بەرپرسیاریەتییە، ویژدانە، کاتێک ئێمە ناتوانین بە ویژدانەوە بنووسین، ناتوانین بەئینسافەوە قسە لەسەر وێژە و دەقەکانمان بکەین و باش و خراپ لێک جودا بکەینەوە، ناچار دەبین بڵێین دەقی ئەفرێنراومان نییە... باشە ئەگەر بڵێین راستە و ئێمە خاوەنی دەقی جوان و داهێنراو نین ئەدی لە نەبوونی دەقی باش، نەبوونی رەخنە هۆکاری بنەڕەتی نییە؟ کاتیک رەخنە بوونی نابێت یاخۆ وەکو پێویست بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵناستێت و دەقی خراپ و نووسەرەوەی خۆ بە نووسەرزان دروست دەبن، کەسانێکی خۆ بە رەخنەگری هەموو شتزان لەسەر حسابی برادەری و چاوی کاڵ و لەشی جوان و بەرژەوەندیی تاکە کەس و شتی تر دەیان قەڵەمی قەزەمیان کردووە بە قەڵەمی باش، دەیان نانووسەریان بە نووسەر حساب کردووە و یارییان بە میزاجی خوێنەر کردووە، ئەمەیە وای کردووە بوترێت: دەقی باشمان نییە، بەڵام لەگەڵ ئەو وتانەش کە لەبارەی نەبوونی نووسینی باش و نووسەری باشەوە دەوترێت دەتوانین ئەو راستییانە بخەینە روو کە ئێمە هەم خاوەنی دەقی جوان و هەم خاوەنی نووسەری جدی و خاوەن بیرکردنەوەی

سـەردەمـیـیـانـە و قـوولّین، بەلاّم کـاتێک ڕەخنـە بە لاوازی هـەنگاو دەنێت ئەو دەقـــانـە و دەیان دەقـی تـریش پەڕاوێز دەخرێن.

کاتێ دەق ناخـوێنرێتەوە «مەبەست لە خـوێندنەوەی جدی و گەڕان بە دوای کۆدەکانی نـاوەوەی دەقـە» نازانرێت کـە ئەم دەقە باشـە یان خـراپە، چونکە خـوێندنەوەی سـەرپێیی، دەق پەراوێز دەخـات، ڕەخنە بۆ خـۆی پـرۆسـەیەکی زێدە گرینگ و داهێنـەرانەیە، چونـکە ئەوەی ڕەخنـەگـر دەیبـینێ و دەیخـاتە بەر تیشک نـە دەقنووس "نووسـەر" و نە خوێنەر نـایبینن، هـەر دەقێکیش تا نەخوێنرێتەوە چەندە جوان و داهێنەرانەش بێت بەبێ ڕەخنە پـەڕاوێز دەخـرێت، هـەر ڕەخنە دەتـوانێت دەقی باش و بـاشــتــر و دەقی خــراپ بەپێی مــیــتــۆدەکــانی ڕەخنەسازی بخاتە ڕوو.



نەبوونی ڕۆشنبـیـرییـەکی فـراوانە وای کـردووە بەنـاو ڕەخنـەگــرانی ئێـمــە بە یەک خـــوێندنەوەی سـەرپێیی بەو دەقـە بڵـێن باش و بەوی تریش بڵـێن دەقـێکی خراپە، کـاتێک ڕەخنـە لە پێناو ڕەخنەدا کـار ناکات زەرەرمـەند دەق و دەقنووسە تا وای لێ دێ ئەدەب تووشـی سـستی و خـوێنەر تووشی بێزاری دەبێت ئەمـەش بۆ خـۆی کارەسـاتێکی مـەرگـهێنە. بەنـاو ڕەخنەگرانی ئێـمـە خـاوەن هیچ سـتـانداردێکی ڕەخنەیی نین بۆ هـەڵســـەنگاندنی دەق. کـــاتێکیش لاشــــەی دەق هەڵدەکـۆڵن تووشـی خـوێن بەربوونی دەکـەن و دەیشـێـوێنن، زۆر جـاریش بە سـۆزەوە مـامــەڵە لەگـەڵ دەق و خـاوەن دەق دەکەن، ئاکام ئەوەی باسـی دەکەن ئەوەندەی بۆنی سـتایش و مــوجــامـــەلەی لێ دێ بۆنـی ڕەخنـەی لێ نـایەت و بە هیـچ کلۆجــێک خــزمـــەت بە ئەدەب نـاکـــات، بگرە زەبرێکی کوشندەشی لێ دەدات.